# ئەتڵەسی باڵندە

## جۆری ئاسایی لە دەروبەرمان

(Kurdisk sorani)

Oversatt av:
Tema Morsmål – www.morsmal.no

**فیڕنەگوڵە**

**درێژی:** نزیکەی ١٥ سانتیم
**ژمارەی هێلکە/بێچوو:** ٨-١٣

**نیشانە:** سنگی زەرد و هێڵی ڕەشی پیوەیە.
سەری رەشە و ڕوومەتی سپییە
**دەنگ:** لە بەهاراندا وا دەخوینێت. تو-تی-تو-تی یان تیتی-تو
تیتی-تو



**شوێنی ژیان:** لە سەرانسەری وڵاتدا هەیە، تا
دەگات بە قەراغی دارستانەکان.
لە زستان و بەهاردا هەن
ئاساییترین باڵڵندەی زستانەیە. زۆربەی کات لە
هێلانەدایە.
وە زۆر بە ئاسانی لە هێلانەی باڵندەدا هێلکە دەکات.
**خۆراک:** لە زستاناندا تۆو و توو،
وە لە هاوینانیشدا مێش و مەگەز و مێتولکە
دەخوات.
**لە نەرویج ١٠ دانە جۆر فیڕنەگولە هەیە.**

**فڕینگیلە**

**درێژی:** نزیکەی ١٦ سانتیم

**ژمارەی هێلکە/بێچوو:** ٤-٥
**نیشانە:** نێرینە؛ سەری بۆری شینباوە. سنگی سووری
ژەنگاوی.
مێینە؛ قاوەیی شینباو، هەروەکو نێرینەکە
دوو باڵی سپیلکەیی هەیە.



**شوێنی ژیان:** لەهەموو جۆرە دارستانەکان و
سەرانسەری وڵاتدا هەڵدەکات.
یەکێکە لە ئاساییترین ئەو باڵندانەی لە هاویناندا
هەمانە.
وەک باڵندە کۆچەری بۆ دوورگەکانی بەریتانیا و
خۆرئاوای ئەوروپا، کۆچ دەکات

**خۆراک:** تۆو و مێش و مەگەز
**لە نەرویج ١٦ دانە جۆر فڕینگیلە هەیە.**

**کلک هەڵتەکێنەی سپی**

**درێژی:** نزیکەی ١٩ سانتیم

**ژمارەی هێلکە/بێچوو:** ٥-٦

**نیشانە:** سەر و سینگی ڕەشە،

ڕوومەتی سپییە، سکی سپی و کلکەکەشی تۆخە.
مێینەکەی کەمڕەنگترە.
**دەنگ:** سیڤیت-سیڤیت



**شوێنی ژیان:** زیاتر لە دەوروبەری ئاو کانیاوەکان
دەژی
لە سەرانسەری وڵاتدا هەیە. زۆرجار لە
دەوروبەری خانوو و باخچەکاندا دەبینرێت.
باوەڕی زۆر بە خۆی هەیە. وەک باڵندەیەکی کۆچەر
بۆ خواروی- ئەوروپا و باکوری- ئەفریقا کۆچ دەکات.
**خۆراک:** مێش ومەگەز، بەڵام دەشتوانێت
وردە نان و ناوکی سەمون بخوات.
لە نەرویج سێ جۆر کلک هەڵتەکێنەی سپی هەیە

**قەلەباچکە ، قەشقەڵە**

**درێژی:** نزیکەی ٥٠ سانتیم
**ژمارەی هێلکە/بێچوو:** ٦-٨

**نیشانە: سپی و ڕەشە**
کلکێکی درێژی هەیە.

**دەنگ:** بە دەنگێکی زبر و بەرز قاژەقاژ دەکات
دەنگی ناوخۆیی قغاک...قغاکە



**شوێنی ژیان:** لە سەرانسەری ئەو شوێنانەدا دەژی کە
خەلکی تێدا دەژین
وە هەرگیز دوور لە وشکایی ناژی.
زۆرجار لەسەر دارەکان دەنیشێتەوە یان لەسەر سەربانی
مالان دنیشێتەوە.
لەسەر دارەکان هێلانەی گەورە بە چیلکە دروست دەکات.
**خۆراک:** تۆو، جۆرەکانی توو، گۆشت، خۆڵ و خاشاک،
ماسی ... تاد.
**لە نەرویج ٨ دانە جۆر قەلەباچکە هەیە.**

**ڕیشۆڵە**

**درێژی:** نزیکەی ٢٢ سانتیم

**مارەی هێلکە/بێچوو:** ٥-٧

**نیشانە:** ڕەشێکی بریقەدار لەگەڵ چەند خاڵێکی کالی کەم
لەسەر پشتی.
دەنووکیشی زەردە.
**دەنگ:** دەنگەکەی زۆر جۆرە و دەگۆڕێت.



**شوێنی ژیان:** لە سەرجەم زەوییە نزمایییەکانی وڵاتدا
هەیە.
بەتاییەت لەو جێگەیانەی پێیان دەوترێت زەوییە
کولتورییەکان واتە دەستی مرۆڤی پێگەیشتوە.
بەرەو دورگەکانی بەریتانیا و کەنارەکانی باکور و
لەوێشەوە بەرەو فەڕەنسا کۆچ دەکەن.
لە مانگی فێبریوار/مارس دەگەرینەوە.

لە ناو هێلانەدا هێلکە دەکات و بێچووی تازەی دەبێت.
خۆراک: مێس و مەگەز، کرم، گەنم، تۆو و جۆرەکانی توو.
تاکە جۆرە لە باڵندەکانی ڕیشۆڵە کە لە نەرویج هەمانبێت.

**بۆقژەی بۆر**

**درێژی:** نزیکەی ٢٦ سانتیم

**ژمارەی هێلکە/بێچوو:** ٥-٦
نیشانە: سەری بۆرە، .لاکانی قاوەییە..
سنگی قاوەییەکی زەردباوە و خاڵی تۆخی پێوەیە. کلکی ڕەشە.

**دەنگ:** دەنگێکی تێکەل و پێکەڵی هەیە.



**شوێنی ژیان:** لە زۆرینەی جۆری دارستانەکان لە سەرانسەری وڵاتدا
دەژین.
بەهۆی هەڵگرتنی تووەوە دەتوانێت لە وەرزی زستاندا خۆی بژێنێت
و لە ولاتدا بمێنێتەوە.
بەلام زۆرینەیان بۆ دورگەکانی بەریتانیا،
بەلجیکا، فەڕەنسا و سپانیا کۆچ دەکەن.
**خۆراک:** توو، مێش و مەگەز و کرمی خاکییە.
**لە نەرویج ٦ دانە جۆر بۆقژەی بۆر هەیە.**

**کوندەپەپووی قاوەیی**

**درێژی:** نزیکەی چل سانتیمەتر
**ژمارەی هێلکە/بێچوو: ٢-٦**
**نیشانە:** قاوەیی سوورباو یان بۆری زەردباو لەگەڵ خاڵی ڕەشدا.چاوەکانی قاوەیی ڕەشباون و سەری گەورەیە.
**دەنگ:**هوو، پاش پێنج چرکە دەبێت بە کۆک-هو-و-و-و-و



**شوێنی ژیان:** لە زۆرینەی زەوییە نزمەکانی باشووری- نەرویجدا هەن. زیاتر پێیان خۆشە لە دارستانە گەڵاڕێزەکاندا بن. تەنها لە کاتی شەواندا چالاکن و زۆربەی کات دەنگیان دێت. بە ڕۆژیش دەچنە بەشی سەرەوەی دارەکان.

**خۆراک:** زیاتر ئاژەڵە ورتێنەرەکان دەخوات، بەڵام هەندێک باڵندەی بچووکیش دەخوات.

**لە نەرویج ١٠ دانە جۆر کوندەپەپووی قاوەیی هەیە.**

**دارکونکەرەی گەورەی خاڵدار**
**درێژی:** نزیکەی ٢٦ سانتیمە
**ژمارەی هێلکە/بێچوو: ٤-٨ نیشانە:** دوو خاڵی گەورە لەسەر شانیەتی. پشتی ڕەشە، سکی سپییە، ژێر کلکی سوورە. دەنووکیشی بەهێزە.
**دەنگ:** کیک کیک. نزگرەی خێراشی دەبیسترێت.



**شوێنی ژیان:** لە دارستانە تێکەڵەکاندا دەژین لە سەرانسەری وڵاتدا، بەڵام لە ڕۆژئاوای و ڵات و باکوری-نەرویجدا ژمارەیان کەمە. لە دارەکاندا کونی گەورە دەکات و هێلکەکانی لەوێدا دەکات.

**خۆراک:** مێش و مەگەز، مێتولکە و ئەو مێروانەی کە لە داری ڕزیوەوە دروست دەبن.

**لە نەرویج ٨ دانە جۆر دارکونکەرەی گەورەی خاڵدار هەیە.**

**لەپکەخۆر**
**درێژی:** نزیکەی ٤٤ سانتیم
**ژمارەی هێلکە/بێچوو: ٣-٤ نیشانە:** سەر و سنگ و پشتی ڕەشە. سکی سپییە. دەنووکی درێژ و ڕەنگی پرتەقاڵیی سووورباوە.
**دەنگ:** تیو-پی تیو-پی ترررررر تیو-پی تیو-پی پی پی پی پی یان پلیت-پلیت



**شوێنی ژیان:** باڵندەیەکی زۆر ئاساییەبە درێژایی کەنارەکانی نەرویج دەژی. لە دەوروبەری ڕووبارە گەورەکان و ناوچە ئاوییەکانی ناوەوەی وڵاتدا هەن. باڵندەیەکی کۆچبەرە و لە درێژایی کەنارەکانی ڕۆژهەڵاتی- ئینگلاند و کەنارەکانی بەلجیکا و هۆڵەندا دەژی.

**خۆراک:** گوێچکەماسی، هێلکە شەیتانۆکە، توێکڵدارەکان و کرمی خاکی.

**لە نەرویج ٢٧ دانە جۆر لەپکەخۆر هەیە.**

**مراوییە کێوی**
**درێژی:** نزیکەی ٥٧ سانتیم
**ژمارەی هێلکە/بێچوو: ٨-١٠ نیشانە: باڵ شین، دەنووک زەرد. نێرینەکەی: سەر زەرد، قوڕگ سپی، سنگ قاوەیی. مێینەکەی: قاوەیی خاڵدار.**

**دەنگ: کڤاااک**



**شوێنی ژیان:** لە ناوچەی ئاوی و تەڕاییەکانی سەرانسەری وڵاتدا، جگە لە ناوچە شاخاوییەکان بڵاوبوونەتەوە. لە زستاندا بە درێژایی کەنارەکان و ئاوە کراوەکاندا دەمێنێتەوە. کەم دەترسێت و خەڵکیش ناوکە سەمونی دەدەنێ.

**خۆراک: مێش و مەگەز، گوێچکە ماسی، ڕووەکە ئاوییەکان و گیا.**

لە نەرویج هێڵکە دەکات و بێچووی دەبێت.

**نەوڕەسی ئاسایی**
**درێژی:** نزیکەی ٤٤ سانتیم
**ژمارەی هێلکە/بێچوو: ٣**
**نیشانە: بەشی سەرەوەی و باڵەکانی بۆری شین باو، ئیتر باقییەکەی سپییە. باڵەکانیخاڵی سپییان پێوەیە. دەنووکی سەوزی زەردباوە.**
**دەنگ: ئەیییا ئەیییا- ئە-ئە-ئە-ئە**



**شوێنی ژیان:** لە سەرانسەری وڵاتدا لە ناوچە ئاوییەکاندا، ڕووبارەکان و خاکە تەڕەکاند ادەژی. لە زستانانداا بۆ دانمارک و دورگەکانی بەریتانیا کۆچ دەکات، بەڵام ژمارەیەکی کەم لە زستانانداا دەمێننەوە.

**خۆراک:** مێش و مەگەز، ماسی بچووک، گوێچکەماسی و خۆڵ و خاشاک.

**لە نەرویج ٧ دانە جۆر نەوڕەسی ئاسایی هەیە.**

**داڵی کلک سپی**
**درێژی:** نزیکەی ١٠٠ سانتیم
**ژمارەی هێلکە/بێچوو: ٢-٣**
**نیشانە:** بەتەمەنەکانیان قاوەیی کاڵ و کلکی سپیین. بێچووەکانیان قاوەیی تۆخ و کلک تۆخن..
**دەنگ:** کلی کلی کلی یان کلێک کلێک



**شوێنی ژیان:** بە درێژایی کەنارەکانی نەرویج هەن، زۆر بە کەمی لە کەنارەکانی باشوور هەن، زیاتر لە کەنارەکانی ڕۆژئاوا و باکور بوونیان هەیە. دەشێت لە ناوەوەی وڵاتیش ببینرێن.

**خۆراک:** ماسی، باڵندەی بچووک، گۆشتی لاشەی مردوو.

**دوو جۆر لەم داڵە هەن، داڵی کلک سپی و داڵی ئاڵتوونی. لە نەرویج هێلکە دەکات و بێچووی دەبێت. داڵەماسی سەر بە خێزانەیکی دیکەیە.**

Foto: Frode Falkenberg, med unntak av kattugle som er tatt av Ingar J. Øien